www.kurdistannet.org
21-2-2003 2:09

# كرێكار و بەهەشتەكەی نەرویج

نامەیەكی والا:-

كوژرا كۆژان

من لێت ئەپرسم ئایا تۆ مافی خۆتە وەك پەناهندەیەك لە نەرویجدا بژیت ؟
ئایا مافی خۆتە لە ژێر سایەی یاسا دیموكراتیەكانی ڕۆژئاوادا خۆت حەشارداوە كە شەڕی مان و نەمانت لە گەڵیاندا هەیە. ئایا تۆ نەبوویت
لەیەكەم ڕۆژی پشت بەستنت بە شەریعەتەوە دەماخی زۆرێك لەلاوانی كوردوستانت پڕ دەكردەوەو باست لە جیهانی كوفروالحادی ڕۆژئاوا دەكرد
ئایا تۆنیت داوای هەلۆەشانەوەی قانونە وەزعیەكانی مرۆڤت ئەكەیت.
ئایا تۆنیت بانگهێشەی كوشتن و خوێن ڕشتن و جیهاد لە پێناوی ئیسلام دا ئەكەیت. كەچی ماڵەكەت كۆمپوتەرەكەت مەتبەخەكەت ئەو فەرشەی لەسەری دائەنیشی ئەو جلەی لەبەری ئەكەیت تەنانەت خانەكانی لەشت تووكی سەرو ڕیشت ماڵی بەلەدێی نەرویجە، چونكە دوای چەن سالێك زۆربەی زۆری خانەكانی لەش دەمرن و بە خۆراك و ئاوهەوای نوێوە خانەی تازە دروست دەبنەوە.
بیرمە گەنجێكی تەمەن 16 ساڵ كە دایكو باوكی بە كوێرەوەری پەروەردەیان كردبوو چەن جار داوای لێ كردم تەنها جارێك گوێ لە كاسێتێكی كرێكار بگرم.
شایەنی باسە گوێم لە كاسێتەكە گرت، جگە لە گەڕانەوە بۆ شریعەت و خۆفیداكری لە پێناوی خواو ئیسلام و هەڵ دان بە بالای ساروخەكانی حیكمەت یارو حوكمی قوران و حەدیس ڕاوەستان دژی هەرچی دەسكەوتی مرۆڤایەتی و لە قالب دانی كۆمەلگا بە مەنگەنەی ئیسلام وهەندێ ووڕینە شیعر زیاتر، شتێكی تیا نەبوو لە بەرژەوەندی مرۆڤدا بێت.
داخی گرانم ئەو گەنجە خێر لە خۆ نەدیوەو دەیەهای تریش بوون بە سووتەمەنی پڕوپاگەندەكانی كاكی نەرویجیم لە شەڕی نێوان یەكێتی و ئیسلامیدا لەكەلار.
ڕەنگە وەك هەر سیاسیەكی قاڵ بووی ناو دونیای كوشتن و بڕین ئەتككردنی
مرۆڤ بلێیت:ماف بەخۆی ئەدا لە ئەورووپا بژێت بەلام ئەومافە بە من نادات
لە وولام دا ئەلێم:
من ڕەخنەم لە قانونە وەزعیەكانی مرۆڤ نیە من كمال و رزگارو (سەدام) * وئازادو ئەحمەدم بە كوشت نەداوە من لە گەڵ ویژدانی خۆمدا درۆم نەكردوە
من لە سەر سونەتی پێغەمبەر دەیەهام بە شمشێر سەر نەبڕیوە من لە گەڵ عەبدولا عەزامدا لە پاكستان وێنەم نەگرتووە (لە جێ نێتی كرێكارەوە) .
من رەخنەم لە دادگای هۆلندە نیە بەرائەتیان بە تۆ داوە چونكە ئەوان وەك خەلكی كوردوستان دەلیلی تاوان بارێتی تۆیان لانیە ئەوان وەك من گوێیان لە كاسێت و خوتبەكانی نوێژی جومعەی تۆ نەبووە.
هەر دوێنێیەكی نزیك بوو ئەتووت خۆ تەقانەوەو كوشتن وتیرۆركردن بانگێشەی خوداوەندە بۆ بێبڕواكان ئوسامەی دێو درنجی ناو چیرۆكە ترسناكەكانی سەدە تاریك و ترسناكەكان
ئەكەیتە نمونەی مرۆڤی ڕاستەقینەو پیاو چاكی سەردەم.
بۆ سەیرێكی ئەو وولاتە ناكەی كە لە سەر سفرەكەی ئەژیت، كەسێ برسی نیە كەسێ بێ بەرگ نیە زۆرێك لە یاسا وەزعیەكانی لە خزمەتی مرۆڤدایە حەقی بە تۆ داوە بژیت سەرەڕای ئەو هەموو تاوانەی لە ئەستۆتدایە، بەراوردیكە لەگەڵ سەلەفی سالحینی ئیسلام دا. ئیسلام چی بۆ مۆڤایەتی كردوە، كام قانونی شەریعەت و ئایەتی قوران مرۆڤ ناكاتە كۆیلە. خەون و تاسەو خولیای مرۆڤ پوچ ناكاتەوە، كام ڕەگی زانست سیسناكات، كام كانی خۆشەویستی ووشك پێ ناكات، مەمكی كام شارتان چۆڕ بڕ نەكرد سەوزایی
كام هەوارتان بە پووشو پەلاش نەكرد. ئاخر ئێوە مەلاژوتان بە خوێن هەلدراوەتەوە، ڕۆژانە خەمی گەورەتان خوێن و شمشێرە، قاوەتی بەخوێنی (حەلاج) ئەكەن، سەمای ئاهەنگی ئیوارەشتان ڕاكێشانی

ڕیشەكەی (حوسێن مروەیە) و شەوچرەتان لە داردانی عبدوالخالق معروفە، ئیمپراتۆرێتێكی گەورەتان بە ئێسك و پروسكی ئینسانەكان دروست كرد، خزمەتی كام لایەنی ژیانتان كردوە. جەزیرەی عەرەبی جگە لە زیرسالمەكان و عەنتەرەكان چەن سوكرات و ئەفلاتونی تیابووە جگە لە جەردەیی شەوكوت وئەنفالكردنی خەڵكی وپەڕاندنی ملی نەیاران چیان بۆ مرۆڤایەتی كردوە. ئێستەش ئێوە ئەتوانن چەن نەرویج دروست بكەن. گریمانێكی خەیاڵیە بەڵام بۆ ڕۆشن كردنەوە هەر دەبێ بكرێ، ئەگەر سبەی ئیمارەتی كوردوستانتان دروستكرد مافی پەناهەندەیی ئەدەنە خوشك و برا نرویجیەكانتان یان ئەیان خەنە ژێرباری جزیەو خەڕاجەوە یان هەرچی مردوو زیندووی ژێر زەوی سەر زەوی هەیە بە حوكمی قانونەكانتان

وەك خوشك و برا ئەفغانی و ئێرانیەكان بەرد بارانیان ئەكەن بەبەرچاوی خۆتەوە لە بەهەشتەكەی نەرویجتەوە، (ئەگەر بەهەشت بریتی بێت لە خواردنەوی شەراب و توانای پەڕینی زۆرو غیلمان حۆر برسی نەبوون) ڕۆژانە بەبرچاوی خۆتەوە ڕەنگە لەو دیوی دیوارەكەتەوە وەك ئاو خواردنەوە مرۆڤ مرۆڤی خۆش دەوێت و ممارەسەی ژیان ئەكەن، خوانەكردە سبەی دەعوەكەتان بوو بەڕاست و وولاتی نەرویجتان فەتح كرد چی فیری ئەوخەلكە ئەكەن دوعای مارو دوپشك یان دوعای ترس و ابودوجانە یان یەك بەیەكیان دوبارە سەد بارە بەردباران ئەكەن چونكە خولقاوی پەیوەندیەكی ناشەرعین.

ئەی پێم نالێی مووژدەی چ دوارۆژێكی گەش و پرشنگدارتان پێیە بۆ گەلە كلۆلو ئەنفالكراوەكەم، برینی كام ئەنفال و كام هەڵەبجەو كام گەرمیان سارێژ ئەكەن هەر ئێستا دەستەكانت سوورە بەخوێنی كیژو كوڕە خێر لە خۆنەدیوەكانی كوردوستان نوكی ڕمت ئەسوی لەزامی قووڵی باوك ودایكی كوژراوان وكوژراوانی لایەنگرانی خۆتەوە. ئەگەر سەربازە موسلمانەكانت دەئەوەندەی تریش زیاد بكەن دەوەندەی تریش قووڵ بنەوە لە قوران وحەدیس و فقی ئیسلامی دەسالاتیش بگرنەدەست ئەوندەی ئیمارەتە پڕ شەرمەزاریكەی

تالەبانتان پێ ناكرێت تەنها چاوێك بخشێنە بە كۆمەلگە ڕووت و ڕەجالە برسی زەلیلەكەی ئەفغانستانی كاتی ژێردەسەلاتی تالەبان دا جگە لە بە كەنیزەك كردنی ژن و بە ئاژەلكردنی سیمای مرۆڤ چیان بۆ گەلانی ئەفغانستان بە جێ هێشت. ئەی ئێوە ئەتانەوێ كوردوستان بۆ كوێ بەرن، من دلنیام لەوەی تەمەنی بزوتنەوكەی تۆو هرچی تاریك پەرستانی جیهان هەیە چەن سالێكی ترەو بۆ هەتا هەتایە بەخۆتان و باوڕتانەوە دەكەونە زبلْ دانی مێژووەوە. بەڵام سەد مەخابن تا ئەو كاتە، ئەو خاكە چەن جار ئەنفال كراوە ئەنفال ئەكەنەوەو ئەوەندەی تر دەستان سوور تر دەبێ بە خوێنی كوڕوكچ و مندالْ و پیری كوردوستان.

* سەدام ناوی ئەو كوڕە 16 سالێە بوو كە لە شەڕی یەكێتی و ئیسلامی دا لە كەلار

2003-2-20

## تێبینی كوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونە (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە. لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێكدا دەنووسرێت..... 2003-1-15